# چرپەی داپیرە





هێندەی نەمابوو بۆ جەژنی نەورۆز. لە هەیوانەکە دانیشتبووم و سەرقاڵی دروونی جلی کوردی بووم بۆ ئمم، لەپڕ ئمم خۆی کرد بە ژووردا. توونددەستی بە سکیەوە گرتبوو، لەوە ئەچوو ئازارێکی زۆری هەبێت. بە پەلە هەستام و چووم بە پیریەوەو لێم پرسی: ئەوە چییە، بۆ وا ئەکەی؟! ئمم بە هەناسەبڕکێ وەڵامی دامەوە: هیچ نییە داپیرە گیان، من و کاڵێ خواردنی سەر دانەپۆشراومان خوارد. یەکسەر من سکم دایە ئازار. پرسیم: ئەی کاڵێ.
کاڵێش وای لێهاتووە؟!

+ نازانم، بەڵام دڵنیام ئەویش وای لێ دێت، چونکە ئەویش هەمان شتی خوارد.

چاوەڕوانیی سوودی نەبوو بۆیە بە ئممم وت: مەترسە، هەر ئێستە. هەر ئێستە ئەچین بۆ نەخۆشخانە.
ئێمە لە خۆئامادەکردندا بووین، کاڵێش بەدەم ئاخوئۆفەوە خۆیکرد بە ژووردا. بە پەلە چووە لای ئممەوەو دەنکێك حەبی دایە دەستی و پێوت: ها ئەو دەنکە حەبە بخۆ لەوانەیە زۆر باش بێ!. ئمم لەبەر پێکەنین ئازارەکەی لە بیرچووەوە. بە قاقایەکی قوڵەوە پێیوت: کاڵێ گیان. تۆ بە هەزار شەرەشەق لە وانەی زانستدا دەرئەچی، کەچی خۆت لێکردوم بە پزیشك و دەرمانم بۆ ئەنووسی!؟ کاڵێ سەیرێکی منی کردو وتی: ئەیلەوە، ئەی یەکێك نەخۆش بێ، نابێ دەرمان بخوات؟! دەستێکم هێنا بەسەریداو وتم: با، بەڵام نابێ خۆمان بڕیاربدەین کام دەرمانە بەکاربهێنیین. ئەبێ بچینە لای پزیشك و ئەو دەرمانەکەمان بۆ بنووسێ و پێمان بڵێ چۆن بەکاری بهێنین.

سەرنووسەر

بەرگی یەکەم: غەمگین فەتاح
بەرگی دووەم: سەرتیپ فەتاح

پەپوولە: گۆڤارێکی رۆشنبیریی، پەروەردەیی منداڵانە. خاوەن ئیمتیاز: هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد.سەرنووسەر: یاسین قادر زرگوێزی.دەستەی نووسەران: نەریمان عوسمان، ئەحمەد محەمەد.هونەریی: غەمگین فەتاح. دیزاین: سەرخێڵ شێخ مەهدی. پەپوولە مانگی جارێك لە سلێمانی لەلایەن منداڵپارێزی کوردستانەوە بە تیراژی ( پێنج هەزار ) دانە بڵاودەکرێتەوە و چاپکردنی لە چاپخانەی پیرەمێردە.

ناونیشان: کوردستان. سلێمانی. منداڵپارێزی کوردستان.تەلەفۆن ( ٣٣٠١٠٤٢)،( ٣٣٠١٠٤٣)،( ٣٣٠٠٨٦٠)،( ٣٣٠١٠٤٦)،( ٠٧٧٠١٥٢٢٧١٨)

PAPOOLA: MONTHLY CULTURAL&EDUCATIONAL CHILD MAGAZINE.ISSUED BY: KURDISTAN SAVE THE CHILDREN.
NO.148 - February .2010, Internet www.khak.org & www.ksc-kcf.com - E-maile: pepule1992@yahoo.com.